# تیپی مۆسیقای هەڵەبجە و چەند سەرنجێک

کە باسی گۆرانی و مۆسیقا ئەکەین لە هەڵبەجەدا ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ سالآنی بەر لە ئێستا... ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتەی کە کوروکاڵ و پیاو و ژن لە ڕۆژانی بەهاراندا هەموو بەرەو گولآن و چەمی گوڵەبۆزو باخی میر و کانی ماران و کانی شێخ و باسی شمشاڵەکەی مینەو دەنگی خولەی شێلاوی بکەین و ڕەشبەڵەک و کۆڕی شاعیرانی وەک ئەحمەد موختار جاف و تایەر بەگ و گۆران ع. ع. شەونم و عەلی باپیر ئاغا.. بەڵێ ئەم سروشتە جوانە تێکەڵاو بە هەست و نەست و جۆش و خرۆشی خەڵکی ئەم شارە بووە و هەستی بزواندن و هەڵبەست و گۆرانی دەریان بڕیوە.

ئەوە بوو لە سالآنی 58-61 تیپێکی نواندن درووست بوو وە چەند شانۆگەرییەکیان پێشکەش کرد یەکێک لەوانە مەم و زین بوو کە دەرهێنەرەکەی مامۆستا ع. ع. شەونم بوو. پاشان باری ناهەمواری کوردستان ئەو جۆش و خرۆشەی لە ناو برد و شاردییەوە تا سالآنی حەفتا ئەوەبوو چەند تیپێکی نواندن پێک هات وە لە گەڵیاندا تیپی مۆسیقای هەڵەبجە درووست بوو بە هاوکاری چەند لاوێک هەر چەندە هیچ کەس نەبوو یارمەتی بدات وە لە 26-4-1973 دا ئەم تیپە پێک هات.. وە چەند ئاهەنگێکی ساز کرد لە هەڵەبجە و دەوروپشتی (تەوێڵەو خورماڵ و پێنجوێن و) وە چەند گۆرانی بێژێک بەشداری لەگەڵدا کرد وەک عومەری خەزان وسیروان عەلی و ئازاد مەحمود وە لە یادە نەتەوایەتیەکاندا بەشداریان ئەکرد وە چەند سرود و گۆرانیەکی تازەیان پێشکەش کرد.. چەند ئافرەتێکیش بەشداریان کرد بە شێوەی کورس و گۆرانی بێژ .

پاشان ئەم تیپە لە کارکردن وەستا و ئەندامەکانی پەرەوازە بوون و ئەندامەکانی هەندێکیان ئێستا لە تیپەکانی سلێمانیدا هاوبەشی ئەکەن و ئەوانی تر بە هۆی باری تایبەتیەوە دوورن لە شارەکە.

ئەوە بوو لەساڵی 1976دا توانیمان ئاهەنگێکی بچکۆلە بگێڕین بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بە خۆڕایی وەهەرلەم ساڵەدا هەوڵدرا بۆ ئەوەی بەشێکی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لقی سلێمانی بکەینەوە بەڵام کەس نەیزانی چی بەسەر هات؟

جا لەبەر ئەم هۆیە یارمەتی دانی هونەرمەندان بۆ درووستکردنی ئەم تیپە هەنگاوێکە بۆ پێشخستنی هونەری کوردی چونکە ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە بە کەلەپوری نەتەوایەتی کوردیەوە.

ئازاد حەمە ساڵح

ئەندامی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە

پێنجشەممە 1977/12/15 هاوكاري، دوا لاپەڕە